# «ئەڤینە» بۆ ژیان دەگری

• کەژاڵ ئیسماعیل

بەڕێزان ماوەیەکی زۆر بە سەر تراجیدیای کوشتنی«ئەڤینە»داتێپەڕیوە، بەدرێژایی ئەم ڕۆژانە چەندین جار بۆ دەربڕینی نارەزایی خۆم دژ بەو تاوانە قەڵەمم گرتۆتە دەست بەڵام نەمتوانیوەهیچ بنووسم. نازانم هەستی دایکایەتیم ڕێی پێ نەدەدام یا وشەکان لە بیرمدا کۆچیان دەکرد! هەمیشە لە بیری ئەوەدا بووم چۆن وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە کە لەسەر دڵم کەڵەکەببوون، نائومێد دەبووم و نەدەگەیشتمە ئەو خاڵەی کە سەرتای دەسپێکردنی بابەتەکەیە. هەڵبەت ئەو کارەساتە زۆر شتی وەبیر هێناومەتەوەو واشی لێکردووم کە زیاتر کچم خۆشبوێت و شانازی بوونم بە ژن تا دێت زۆرتر و گەورەتر دەبێت.

هەروەها، قوتابییەکانی خۆمم بیردەکەوێتەوە کەچەند ژیکەڵەو جوان بوون و، لەڕۆژانی جێژن و ئاهەنگداچۆن خۆیان دەگۆڕی و سەوزو سوور لەدەورم کۆدەبونەوەو پێکەوە چەند وێنەیەکمان دەگرت. خۆزگەبۆ گەڕانەوەی ئەو ڕۆژانە دەخوازم کەکچانی چاوگەشوجوانم فێری مێژووی نیشتمان دەکردوبەجوگرافیای کوردستانم ئاشنا دەکردن. بەهەموو خۆشەویستیمەوە هانم دەدان هەرگیز لەخوێندندانەبڕێن و شانازی بەخۆیانەوەبکەن کەنیوەی کۆمەڵن و دەبنە دایکی نیوەکەی دیکەی. چیرۆکی «چرۆ» م بیردەکەوێتەوە کەتەمەنی شەش ساڵان بوو، بەزۆر ڕووسەرییەکیان لەسەرو ڕوخساری دەپێچاو، لەپۆلدا دەگریا چونکە باش گوێی لەوانەکان نەدەبوو. تەنانەت لەناوپۆلدا نەیدەوێرا لای کوڕێکی هاوتەمەنی خۆیەوە دانیشێت چونکە هەڕەشەی کوشتنیلێکرابوو! ڕۆژێك مامۆستای پۆلەکەی، ڕووسەرییەکەی لەسەری کردبۆوە، پێی گوتبوو «چرۆ» گیانباباشتر گوێت لەوانەکەبێت. وەختێ باوکی پێی زانیبوو،هاتبوە قوتابخانەو لەژووری بەڕێوەبەربەڕاشکاوی گوتبووی نامەوێت کچەکەم بەرەڵڵاو حەرەڵڵا بێت!! ئەو پێی وابوو هەمووکچانو ژنان ومناڵان کەڕووسەری ناپۆشن و ناچنە مزگەوت بۆ فێر بوونی قورئانبەرەڵلان.. کەچی باوکی،«چرۆ»ی نازداری دەنارده مزگەوت لای ئەو کوڕانەی پێی وابوو هەموو دەروێش و پیاوی خودان!! «ئەڤینە»ی جوانەمەرگ چەندین پرسیاری بێوەڵامی لەزاکیرەمدا ورووژاند. ئاخۆ «ئەڤینە» نامەیەکی دڵداریی لەگیرفانیدا گیراو لەسەر ئەوە کوژرا؟ یا لەڕێی قوتابخانهلەگەڵ هەرزەکارێکا سڵاوی گۆڕیبۆوە؟ ئایا بەزۆر بەمێرد دراو رازی نەبوو، یان بەخواستی خۆی هاوسەری هەڵبژارد؟ بڵێی بەدزی باوکییەوە لە ماڵ نەچووبێتەدەر؟! باشە! خۆ «ئەڤینە» هێشتا تەمەنی سیازدە ساڵان بوو! بەوەنەگەیشتبوو بەرەڕووی هیچکام لەمکێشانە بێتەوە، ئەی بۆ پیاوێك بەناوی باوکەوە نایە ژێر پێلەقەو هەناسەی لەبەر بڕی؟! من تەنها بۆچوونێك شك دەبەم و بەڕاستی دەزانم، باوکی قینی سیازدەساڵی لەدڵیدا کۆکردبۆوە، چونکە کاتێك«ئەڤینە» هاتە سەر دونیا مژدەیان پێدابوو کچی بووە! ئیتر ئەو لەو ڕۆژەوهشەرمەزاری قەومو قەبیلەو کۆمەڵە، چون کچی بووە و نەبۆتە خاوەنی کوڕ تا دڕندەیەکی دیکەی وەکخۆی بۆ گیانی ژن پەروەردەبکات. هەر ئەو بیرکردنەوەیەشە کەوا بۆتە کێشەیەکی

گەورەیجینسێتی(ژێندەر)ی ناو کۆمەڵو دەیان و سەدان«ئەڤینە» بەدەستییەوە دەناڵێنن و، لە سۆنگەیەوە مەحکوومن بەملکەچکردن بۆ یاسای جعنسێتی و باوکسالاریی. هەروەها بێبەشن لەمافو سەربەستییەکانیان و دەبێ قایلیش بن چونکە خودا ئەوانی بەکچێتی دروستی کردووە! ئەگەر هەر سەرپێچییەکیش بکەن ئەوا تف لەڕوخساریان دەکرێت و دەنرێنە ژێر پێلەقەومستەکۆڵەی پیاوەوە. «ئەڤینە» خۆشی لەو تاوانە سەرسووڕماو دەڕوانێتە دونیا و داوای ژیاندەکات:

لەبن دارێکی ڕووتەڵەدا
دەستی ناوەتە بەر ئەژنۆ
سەریشی ناوەتە سەر سنگی پڕ لەهەنسك
تاوێك بۆ ژیان دەگری
تاوێکیش گڕو دەگرێت
بۆ دەستێ جلی ڕەنگاوڕەنگ
بیر لەگەورەبوون دەکاتەوە
«چۆن لەبەر ئاوێنە دوو پارچەکەی
بەرهەیوانا ڕوخساری
خۆی ببینێت؟!»
حەزی بەسەمایە
دەستەسرێکی سووری وا لەگیرفاندایە
بۆ سەرچۆپی
ئاهەنگی نەورۆز خۆی ساز داوە
«ئەڤینە» ماندووە
هەموو جەستەی شەڵاڵی ئازارێکە..
فریشتە «ئەڤینە»ی بۆ مەملەکەتێك
بردووە
ئاهەنگی لێ سازناکرێت.
«ئەڤینە» بەدەستی زاڵمێك
هەناسەی کپ بووە و
لەژێر چەپۆکی بێویژدانیدا
جەستە نەشمیلانەکەی
شەکەت کەوتووە.
«ئەڤینە» هاوار بۆ ژیان دەکات و
بانگی ویژدان
بەگوێی کۆمەڵدا دەدات
نەویژدان لەشەرمان
زاری بۆ دەکرێتەوە و
نەژیان

بەو مەملەکەتەی ئەودا
گوزەر دەکات!
«ئەڤینە»
پەیامێك بۆ هاوڕێکانی دەنێرێت:
ـ «ئەگەر بەهار هات..
چیرۆکی منی بۆ بگێڕنەوە
با هەموو بەهارێك
لەگەڵ بڵێسەی ئاگری نەورۆزا
گڕی زامەکانی منی بێتەوەیاد،
خۆزگەکانم لەگەڵ دووکەڵا
بەرەو ئاسمان بەرێت
تا شکایەتێ بکات
لای خواوەندی داد!».

•••

هۆڵەندا، 2006-03-22
kazal7@hotmail.com